# ماڵئاوا خۆشکە خاسەگەم مەرزیەخان

سامان خانەقینی
2005.9.21
نەرویج

بەداخ و پەژارەێکی زۆرەوە گوێم لە هەواڵی کۆچی دوایی جوانەمەرگ وکەڵەژنی هونەری کوردی , بولبولی خۆش ئاوازی کوردستان مەرزیە فەریقی بوو , بەراستی ئەم هەواڵە دڵ تەزێنە هەستمی هەژاند وای لێ کردم کە هیچ نەبێ شتێک بنووسم بەو بوونەیەوە , ئەویش ئەوەبوو کەدەستم کردە نووسینی ئەم بابەتە وەکۆ وەفادارێک بۆ ئەوخاباتە درێژەیی کەخانمی گورانی کوردی خاتوو مەرزیە کردی .

مەرزیەیی ئازیز و خۆشەویست تەنها گورانی بێژ نەبوو بەلکو ئافرەتێکی شارەزا ولێهاتوو بوو لەبواری کوردایەتی وپارێزەری مافی ئافرەت وپێشمەرگایەتی .لەکوردایەتیدا وەکو ژنە قارەمان رووبەرووبی هەموو پلانەکانی دوژمنی دڕندەیی میلەتەکەمان بووەو وەنارەزایی خۆیی دەربری وقبوڵی ئەوحاڵەتە ئاڵوزەیی نەکردو وازی لەگۆرانی فارسی هێناو ودەستی بەگۆرانی کوردی کردو وبریاری دا چی تر لەزمانی شرینی کوردی زیاتر بەهیچ زمانێکی تر گۆرانی نەلێت . هەروەها روویی کردە شاخ و دەستی داچەک شان بەشانی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان خەباتی کرد .

مەرزیە خان بەسرودی نیشتمانی دەستی بەگورانی کوردی کرد بۆنموونە (ئەیی هەڤاڵی پێشمەرگە ) ئەتوانم بلێم مەرزیەخان یەکەم ئافرەتی کورد بوو کەسرووودی نیشتمانی ووت ئەویش خۆیی لەخۆیدا ئەوە ئەسەلمێنێ کەخاتوو مەرزیە تاچ رادەیەک هەستی نەتەوایەتی کاری تێکردبوو . مەرزیەیی ئازیز ئەوکاتەیی کە هاوسەری بۆخۆیی هەڵبژارد خەباتی کوردایەتی زیاتر لەناخی دا جوڵایەوە چوونکە هاوسەرەکەیی بەراستی کەسێکی ئاسایی نیە " بەلکۆ کەسێکی زۆر قارەمان وکۆل نەدەرە , ئەتوانم بلێم ئەستێرەیی هونەروگورانی کوردی وقوتابخانەیی تایبەتی ئاواز وگورانی مللەتەکەمان , کاک ناسری رەزازیە کەشان بەشانی یەکتری بێ وچان لەم رێیە دوورو درێژە خەباتیان کردوە .

خوشکی هونەرمەند ئەو کاتەیی کە ئەم رێگایەیی هەڵبژاردوو وروویی کردە شاخ زۆر باشی زانی کەژیان لەشاخ دا زۆر سەختە وهەمووکەس ناتوانی لەودەریا بێ پایانە مەلەوانی بکا .مەرزیە گیان مەرزیەیی هونەرمەند بوو بەمەرزیەیی پێشمەرگە وبەراستی لەبوارەشدا ڕۆلێکی زۆر گەورەیی نواند و بوو بەنمونەیی ئازا وقارەمان ولەهونەریشدا بوو بەخوشک ودایکی هەموو ماڵەکان .

خاتوو مەرزیە میوانی ئێسک سووکی زوربەیی ماڵە کوردەکانە هەمووشەوان لەزۆربەیی چالاکیەکانی کورد چ لەناوەوە وچ لەدەرەیی ولات بەشداری کردووە . دەوڵەمەندی هەموو کەناڵە ئاسمانیەکانی کوردی کردوە بەگۆرانی خۆش .

کەوایە ئەرکی سەرشانی هەموان بوو کەبەشداری خەم وپەژارەیی ئەومنەماڵە قارەمانە بن لەو کارەساتە دڵ تەزێنە دا .
بەلەدەست چوونی ئەو نەمرە ئەستێرەیەکی تری ئاسمانی گۆرانی کوردی ئاوابوو . خاتوو مەرزیە زوو ئەو رێگایە یی هەڵبژارد کەماموستایی موسیقاو وئاوازی کوردی (ولیام یوحنا ) وژەنیاری گەورەیی کورد عاشقی دەنگی حەسەن زیرەک کاک (موشتەبایی میرزادە ) وماموستایی گەورە کاک ئیبراهیم خەیات وهونەرمەندی ئێسک سووک کاک عوسمان عەلی هەڵیان بژاردبوو .
هیوادارم ئەم کۆسپانە دوا کۆسپی میللەتەکەمان بن وپرسەو وسەرەخۆشی خۆم وبنەماڵەکەم بۆ بنەماڵەیی ئەو هەموو پۆلە هونەرمەندە ئەکەم هیوادارم کە ئەواڵە دڵ تەزێنە هەرچەندەقوڵە بەلاَم زۆر کاریگەر نەبێت وکۆسپێکی گەورە یی ملەتەکەمان کاک ناسری رەزازی وبێ گومان باشترین گوڵ ودیاری بۆ سەر گۆڕی ئەو هونەرمەندە نازدارە ئەوەیە کە کاکە ناسر بەردەوام بێ لەرێبازی خۆیی وبتوانێ زیاتر هەوڵ بدا بۆ پێش خستنی هونەری کوردی وەکو ڕێزگرتن لەمێژویی خەباتی مەرزیەیی خۆشەویست .